www.xebat.net
پێنج شەممە 2017/8/10 ژمارە (5327)

# گۆڤاری فۆربس: نێچیرڤان بارزانی داهاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرچاوەکانی زیاد دەکات

زاک هاف نوسەری ئەمەریکی کە شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، وتارێکی شیکاری لەسەر بارودۆخی ئابوری و دارایی کوردستان بەناونیشانی (دوای سێ ساڵ نائارامی، ئابوری کوردستان دەبوژێتەوە) و لە یەکێک لە گەورەترین گۆڤارەکانی بازرگانی بڵاوی کردۆتەوە و ئاماژە بە هەوڵەکانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراوە بۆ زیادکردنی داهات و سەرچاوەکانی.




نوسەر لەسەرەتای ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە پێشکەوتنە بەرچاوەکانی پێش شەڕی داعش دەکات و دەڵێت: هەولێر وەک دووبەی دووەم ناودەبرا، کوردستان سودمەند بوو لەو جوڵانەوە ئابوریەی کە زۆر بە خێرایی گەشەی دەکرد کە لە پێناو سەقامگیری و ئارامیدابوو، تاهاتنی شەڕی داعش. تاوەرە بازرگانیەکان و سەنتەرەکانی بازاڕکاری هەولێریان نەخشاندبوو، ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە یەکەمین بۆرسەی کوردستان کرایەوە.

کوردستان لە ساڵی2013 دا 2.9 ملیۆن گەشتیار ڕوویان تێکرد، وە لە 2014دا هەولێر نازناوی پایتەختی گەشتیاری عەرەبی وەرگرت، لەکاتێکدا شارێکی عەرەبی نییە، زۆرینەی گەشتیارەکان لە وڵاتانی دراوسێوە دەهاتن کە نائارامن و هەڵگری پاسپۆرتی زۆر لاوازن، کوردستانیان وەک دەرچەیەکی سەرنج ڕاکێش ئەبینی، هەرچەندە هاتنی داعش کۆتایی بە زۆرێک لەو پرۆسەی بەرەوپێشچونانە هێنا، بەڵام لە ئێستادا و لە دوای سێ ساڵ شەڕی داعش، کوردستان خەریکە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێشووی کە لە پێشکەوتن و گەشەسەندندا بوو. لە ئێستادا هەموو کەسێک ئاسودەیی بیانیەکان و کۆمپانیاکان هەست پێدەکات لە شوێنێکی وەک عەنکاوە. ستایلی فاشن چاوی میدیای نێودەوڵەتی ڕاکێشاوە و مریشکی برژاوی کنچوکی و هاریدس تا کاتژمێر دووی بەرەبەیان کراونەتەوە.

بیانیەکان کە ماوەیەک گومانیان لە ئارامیی هەولێر هەبوو، لە ئێستادا سوپاسگوزارن کە ئارامیی کوردستان لە پێش ئەمریکاو ئەوروپایە، بەراوردکردنی ئارامیی هەولێر لەگەڵ ڕووداوە تراجیدییەکانی پایتەخت و سەنتەرە کلتورییەکانی وەک پاریس و بەرلین و لەندەن.

ئاماژەی گۆڕانکاریەکان لە دەرەوەی پێشبینی ئینسانن، لە کەرکورک، کە هێزی کوردی لە 2014وە کۆنترۆڵی کردووە، وەبەرهێنەرە بیانیەکان یەک ملیار دۆلار لە ساڵێکدا وەبەرهێنانیان تێدا کردووە.

کەرتی وزە کە 85%ی داهاتی گشتی پێک دەهێنێت و لە 600 بەرمیل نەوتی خاو لە ڕۆژێکدا هەناردە دەکات، بە گرێبەستیش لەگەڵ کۆمپانیای گاس پرۆم ئەو ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە بۆ یەک ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا و کە دەکاتە 3 ملیار دۆلار.

ئەوەش وادەکات حکوومەتی هەرێم 25%ی قەرزەکانی کۆمپانیا نەوتیەکانی پێ بداتەوە لەماوەی کورتدا قەرزی نەمێنێت.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاردەکات بۆ ئەوەی چیتر پشت بە نەوت نەبەستێت وەک سەرچاوەی سەرەکی داهات، کە تەنیا 1%ی ڕێژەی کار پێکدەهێنێت لە کاتێکدا 1.4 ملیۆن کەس موچەخۆری حکوومەتن، کە 50%ی زیاتری هێزی کارە، دابەزینی نرخی نەوت و بڕینی بودجەی کوردستان لەلایەن عێراقەوە، زەنگێکی ئاگادارکردنەوە بوو بۆ حکوومەت کە ناتوانێت موچەی ئەو ڕێژە زۆرە خەڵکە بدات.

کاتێک حکوومەتی هەرێم داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن لە ڕووی داراییەوە داهاتی هەرێم لە4 ملیار دۆلارەوە لە2013 بۆ 63 ملیۆن لە2016 دابەزی و بودجەی گشتی تەنیا بۆ 5.4 لە 10 ملیارەوە.

لەو قۆناغی گۆڕانکاریەدا، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە ئێمە بەرەو قۆناغی هەستانەوە دەچین، دابەشبوونی ئابوری یارمەتی کەرتی گەشتیاری دەدات و جێگەی نەوت و گاز دەگرێتەوە.

هەوڵەکانی تر بۆ گەشەی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازییە و دەتوانێت هەلی کاری جیاواز بێنن و سەرچاوەی جیاوازی ئابوری دروست بکەن.

ژمارە تازەکان ئاماژەی هەستانەوە و چاکبونەوەن،1.6 ملیۆن گەشتیار سەردانی کوردستانیان کردووە لەکاتێکدا تەنیا782.000 گەشتیار سەردانی کوردستیانیان کردبوو، هەوڵی زۆر چڕ هەیە بۆ ئەوەی کۆمپانیای بیانی ڕووبکەنە کوردستان.

ئەوانەی تازە ڕوودەکەنە بازاڕ، ئاستەنگی زۆریان بە ڕێکاری حکوومی بۆ دروست دەبێ، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر سەپرایز، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ژینگەیەکی زۆر لەباری لە ڕووی باج و قانونەوە بۆ کۆمپانیاکانی بیانی ڕەخساندووە، باجی هاوبەش 15%یە باجی داهاتی تاک تەنیا 5%وە هیچ باجی فرۆشتن (VAT) لەسەر هیچ نییە، لەگەڵ چەندین ئاسانکاری تردا کە لە زۆر شوێن لە باجی پرۆژەی نوێ خۆش دەبێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

لەبەشێکی تری ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە هەوڵەکانی سەرۆکی حکوومەت کراوە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی کەدەڵێت: باشترین هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ یارمەتی دانی کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی بێنە کوردستان وەبەرهێنان بکەن، (بانگێشتی هەموو وەبەرهێنەرە بیانی و ناوخۆییەکان دەکەم کە بێن سود لە ئۆقەر و یاساکانی وەبەرهێنانی ئێمە وەربگرن)

هەروەها نوسەر دەڵێت: لە بنەڕەتدا هەرپێوەرێکی بەرەوپێش چوون بەراستی بەراورد بکەی بۆت دەردەکەوێت کە بارودۆخی کوردستان لە بەرەوپێشچوونێکی درێژخایەندایە، بەبێ گوێدانە ئەوەی لەبەشەکانی تری عێراق چی ڕوودەدات.

لە 2003 کاتی ڕوخانی ڕژێمی بەعس تا هاتنی داعش، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەی قوتابخانەکانی لە3.200 قوتابخانەوە بۆ 6.000 قوتابخانە زیادکرد. ڕێژەی خوێندەواری لە 53% بۆ 84% زیادکرد.

هەر لە ڕاپۆرتەکەدا نوسەر دەڵێت تەنیا لەو ماوە دیاریکراوەدا ڕێژەی نەخۆشخانەکان لە22 نەخۆشخانەوە بۆ ڕێژەیەکی زۆر زیادکران. دەیان هەزار ڕێگە دروست کران و 50 هەزار خانوو بۆ خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت دروستکران.

کوردەکان لە ئێستادا پلانی ریفراندۆمی سەربەخۆییان داناوە لە پاییزی ئەمساڵدا، لەگەڵ ئەو هەموو قەیرانی دارایی و شەڕی تیرۆر و ئاوارە و پەنابەرەی هەیانە.

هەندێک گومانیان هەیە لە سەرکەوتنی کوردستانێکی سەربەخۆ، بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی دەتوانن بڵێن کوردستان توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە سەختەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نییە.

# کوڕی قازی محەممەد پشتیوانیی خۆی بۆ ریفراندۆم ڕادەگەیەنێت

## عەلی قازی:

## سەربەخۆیی کوردستان هۆکاری سەقامگیری و ئاشتییە لە ناوچەکەدا




عەلی قازی، کوڕی پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری کۆماری کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا پشتیوانی خۆی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند. داوایشی لە سەرجەم حیزبەکانی کوردستان کرد ڕۆژی 25ی ئەیلوول بە یەکەوە بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و داوای ئازادی و سەربەخۆیی بکەن. عەلی قازی ئومێدی خواست خەڵکێکی زۆری کوردستان بەشداری ئەو ریفراندۆمە بکەن و بە بەڵێ دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن. گوتیشی: وەکو چۆن پێشەوا قازی محەممەد گیانی خۆی فیدای ئەو میللەتە کرد، منیش وەکو کوڕی پێشەوا ئامادەم ئەگەر بێت بە مردنی من کوردستان یەک هەنگاو بەرەو پێش بڕوات، گیانی خۆم فیدای کوردستان بکەم

**دەقی گوتارەکەی عەلی قازی، کوڕی پێشەوا قازی محەممەد**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەڕێزان خوشک و برایانی هێژا و خەڵکی بەشەرەفی کوردستان**

ئەمڕۆ من لەژێر تاوەری هەرچوار پارچەی کوردستان وەستاوم، ئەمە لەکاتێکدایە کە گەلەکەمان لە هەموو قۆناخە مێژوویەکانی پێشووتر لە ئێستا پێویستی بە یەکڕیزی ڕۆڵەکانی هەیە، چونکە میللەتەکەمان بە قۆناخێکی هەستیار و مێژوویی تێپەڕدەبێت و پێشمەرگە قارەمانەکانمان بە خوێنی پاکیان سنووری کوردستان دیاری دەکەن.

پێشمەرگەی کوردستان بووەتە داکۆکیکارێکی سەختی ئازادی و مافی گەلانی جیهان بەرامبەر بە تیرۆریزمی جیهانی داعش، بۆیە پێگەی کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بووەتە ئەمرێکی دیفاکتۆ و ناوچەکەش بەرەو گۆڕانکاری خێرا دەڕوات، ئێمەی کوردیش بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و ئامانجە نەتەوەییەکانمان دەبێت سوود لە دەرفەتە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان وەربگرین و یەکڕیز بین. خەبات و مافی بڕیاردان بۆ داهاتوویەکی گەشاوە و گەیشتن بە سەربەخۆیی ئامانجی سەرەکی گەلەکەمانە، کە لە مێژووی کۆماری کوردستانەوە وەکو یەکەمین کۆمار درەوشایەوە.

گەلەکەمان لە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە 70ساڵ لە خەبات، دووبارە لە ڕێگای گشتپرسییەوە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان دەدەن، بۆیە پێویستە هەموومان بەدەر لە بیرکردنەوەی تەسکی حزبی و ستراتیجیەتی نیشتمانی و یەکگرتوو بیر لە ئاسایشی نیشتمانی و بەرژەوەندییە باڵاکانیان بکەینەوە، کەواتە ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی بۆ هیچ کەس و لایەنێک نییە، هەروەها تاکێک یان موزایەدەیەکی سیاسی هیچ لایەنێک نییە دژی لایەنێکی دیکە، بەڵکو دەرفەتێکی مێژووییە کە دەبێت لەدەستی نەدەین.

سەربەخۆیی ئاکامی خوێنی پاکی سەدەها هەزار ڕۆڵەی شەهیدی هەرچوار پارچەی کوردستانە، سەربەخۆیی هیوا و دەرگا و قۆناخی نوێی خەباتە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان، کورد لەو پێناوەدا هۆکاری سەقامگیری و ئاشتییە لە ناوچەکەدا، خەبات دەکات لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دابینکردنی ئاسایشی نێودەوڵەتی.

کورد جیا لەوەی دەیەوێت بە شکۆ بژیت، دەیەوێت بەهاری گەش بۆ گەنجی ئێستا و نەوەی داهاتوو بەدیبهێنێت، هیچ ئامانجێکی دژی لایەنێک یان وڵاتێک نییە، بۆیە لە کۆتاییدا داواکارم لە کوردستانیانی خۆشەویست لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان بە هەموومان بە کورد و تورکمان و کلدان و سریان و ئاشووری، لە 25-9-2017 دا بە حەماسەتێکی نەتەوەییەوە پاڵپشتی لە پرۆسەی گشتپرسی بکەین و بەرامبەر بە هەڕەشەکان بە یەکگرتوویی بڕیار لەسەر مافی چارەنووسمان بدەین، چونکە پاڵپشتی لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان ئەرکێکی ئایینی و نەتەوەییمانە.

**سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەرچوار پارچەی کوردستان.**

**بژی کورد و ئاوەدان بێت کوردستانەکەمان**

**براتان عەلی قازی ناسراو بە کوڕی ڕەش**

**8-8-2017**

**سەرچاوە: ڕووداو**



**بەرپرسی لقی 15ی پارتی:**

# زۆرینەی خەڵک و پێکهاتەکانی خانەقین لەگەڵ سەربەخۆییدان

پارت و لایەنە سیاسییەکانی خانەقین بە هەموو پێکهاتەکانەوە ئامادەن دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن لە ریفراندۆمی 25ی ئەیلوولی داهاتوودا. بەرپرسێکی پارتیش دەڵێت، عەرەبەکانی ناوچەکە زیاتر لە ئێمە دەخوازن خانەقین بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

جەعفەر شێخ مستەفا، بەرپرسی لقی 15ی پارتی لە خانەقین بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: حزب و لایەنە کوردستانییەکانی کەرکووک بە یەک دەنگ و هەڵوێست خۆیان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان ئامادە کردووە و هیچ ناکۆکی و کێشەیەکمان نییە لەوەی پێویستە ریفراندۆم لە کاتی خۆیدا بەڕێوە بچێت و ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان. لە ڕۆژانی داهاتووشدا دەست بە بانگەشەی ریفراندۆم دەکرێت و ئەنجومەنی قەزای خانەقین لەگەڵ ناحیەکانی جەلەولا و سەعدیە و هەموو ناوچەکانی دیکەی سەر بە دیالە، کە خاکی کوردستان بێت، ئەوان دەمێکە بڕیاری خۆیان داوە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و ریفراندۆم ئەنجام بدرێت." خەڵکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاوەڕانی ئەوە لە هەرێمی کوردستان دەکەن لەو زوڵمەی بەغدا ڕزگاریان بێت و بیانگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

دەربارەی پێکهاتەکانی خانەقین، جەعفەر شێخ مستەفا گوتی: کورد و عەرەب و شیعە و تورکمان لە خانەقین هەن، زۆربەی هەرەزۆریان لەگەڵ ریفراندۆم و سەربەخۆییدان، تەنانەت ساڵێکە شێخ و کەسایەتییە عەرەبەکانی ناوچەکە و ناوچەی حەمرین سەردانمان دەکەن و داوا دەکەن کار بکرێت بۆ ئەوەی خانەقین بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەش هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ نابینم لە خانەقین و دەنگی (بەڵێ) زۆر زیاترە لە نەخێر.